# شێرزاد عەبدولرەحمانیش لە مەجلیسان قسە دەکات؟؟!! ... جەمال جەلال

دوێنێ ئێوارە رادیۆی دەنگی کوردستان ئێوارە کۆڕێکی بۆ برای بەڕێز کاک کاروان ئاکرەیی ساز کرد، کاک کاروان زۆر بە جوانی باسی لە دۆخی ئیمڕۆی راگەیاندن و رۆشنبیری کوردی کرد.

دوای باسەکەی کاک کاروان هەندێك لە ئامادە بوانیش راو سەرنجی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە باری راگەیاندنی کوردی. تا ئێرە زۆر ئاساییو سرووشتییە، چونکە راو سەرنج و. . . . . . . . . . . هتدییە بەرامبەر بە باری راگەیاندنی کوردی.

بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە و نابی وابێت ئەوەیە شێرزاد عەبدولرەحمان کە تا راپەڕینی بەهاری 1991 لە رۆژنامەی هاوکاری دەینووسی بابە سەدام رزگارکەری هەموو جیهانە و، دەینووسی کورد تەنها لەسێبەری باوکێکی بە وەفاو دڵسۆزی وەکو سەرکردە سەدام دەحەسێتەوە، پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکانی پرۆسەی ئەنفال و تەختکردنی ئەم هەموو گوندە جوانەی کوردستان دەکرد، کەچی ئەو شێرزاد عەبدولرەحمانە ئیمڕۆ وەك نە بای دیبیو نە باران دێت رەخنە دەگرێت و وەزعی ئێستای پی باش نییە!!

ئەوانەی خیانەتیان نەکردووە، دەستیان خۆشبێت بۆ رەخنەکانیان، دەمیان خۆش بێت بۆ گلەییەکانیان، هەقی خۆیانەو پێویستە رەخنە بگرن، چونکە لە رۆژگارێکی تاڵ و تاریکدا مقاوەمەتیان کردو نەبوونە خائین، ئاخر خیانەت بە هەزار ئاوی بشۆیتەوە ماکی هەر دەمێنیو ناڕوات.

شێرزاد لەلە دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 یەکسەر لە لایەن پێشمەرگەوە گیرا، چونکە خیانەتەکانی ئێکجار زۆربوون، بە هەر حاڵ کە بەر بوو ماوەیەکیش بیدەنگ بوو، بەڵام کە زانی تازە بەرپرسەکان کاریان پێی دەبێت و ئیشەکی باشی دەستکەوتوو بۆ خۆی ئەم ئیشەی ئیهتیمام پێدا، بە جۆرێك وای لێهات چەند جار زەوی وەرگرت، دەیان ئیشی بۆ خەڵك بە پارە کرد، ئافرەت زۆر هاتوچۆیان کرد، ئێستا شێرزاد خۆی لی گۆراوەو، وا دەزانی ئەو گە. . . . . . . . . و ئەو نامە بی شەرمانەی کە بە دەستخەتی خۆی بۆ هەندێك بەرپرسانی نووسیوە کەس نایانزانی، خوا یار بی لە رۆژانی دادی وردە وردە نامەکان بە دەستخەتی خۆی بڵاو دەکەمەوە، بۆ ئەوەی کۆنە بەعسیەکان خۆیان لی نەگۆڕی.

ئەو ئافرەتانەنەیش کە شێرزاد هەڵی خەڵەتاندن ئێستا ماون، رۆژێك دێت ئەوانیش دێنە گۆ.